# Andante

زاراوه ی(Andante)یەکێکە لە زاراوە ئیتاڵییەکان کەئەمیش وەک زۆر لە زاراوەکانی پێشتر تایبەتە بە پیشاندانی ئاستی تیمپۆو تیژڕەوی میلۆدی و ئاوازەکان .
ئەم زاراوەیە بە هەمان شێوەی زاراوەکانی پێشتر لە سەرەتای نۆتە موزیکییەکاندا دەنووسرێت و کاریگەری بۆ سەرجەم ئاوازەکانی نۆتە موزیکییەکە دەبێت. لە زمانی کوردیدا ئەم زاراوەیە بەواتای ( بە هێواشی ) یا ( بەشێنەیی ) دێت ، کە لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە کاتێک ئەم زاراوەیە لە نۆتەیەکی موزیکدا بینرا ، واتا تیمپۆی ئەو ئاوازە تیمپۆیەکی هێمن ولەسەرخۆی دەبێت . زۆر لە فۆرم و بۆتە موزیکییەکانی وەک ( سۆناتا ، کۆنسەرتۆ ، سیمفۆنی ) ، لە ئاوازەکانی جووڵەی دووەمیاندا بە گشتی هەڵگری ئەم ئاستەن لە تیژڕەوی و تیمپۆدا .

Muzic-Chrakan
2005